MYNDIGHETEN FÖR
TILLGÄNGLIGA MEDIER

# ڕێککەوتننامەی بەکارهێنان بۆ لێگیمووس Legimus، کتێبخانەی دیجیتالی م.ت.م MTM.

لێگیمووس Legimus دەستگای کتێبخانەی لەبەردەست بوونی میدیایە، م.ت.م MTM . لێرە دە توانیت کتێبی دەنگدار دابەزێنیت و کتێبی زبرنووسی و ئی تریشی قەرز بکەیت. ئەتۆ دەتوانیت زانیاری وەرگریت دەربارەی پێشنیازەکانی م.ت.م MTM و ڕێنمای کتێب.

•کتێبەکان لە لایەن یاسای مافی خاوەنێتی پارێزراون و تەنیا کەسانێک دەتوانن بەکاریان بهێنن کە بە هۆی کەمتوانای بۆیان زەحمەتە نووسراوەی چاپ کراو بخوێننەوە.
•لە کاتێک کتێبی دەنگدار دادەبەزێنیت یان لە ڕەفەکەی کتێبی دەخەیت ئەوە وەک قەرزێک حیساب دەکرێت. ماوەی قەرزکردن ۶ مانگە دانەوەی کتێبەکە لە ڕێگای سڕاندنەوە دەکەیت.
• زانیاریەکانی چوونە ژوور و کتێبەکان بۆ مەبەستی بەکارهێنانی کەسی خۆتن و نابێت بدرێن بە کە سانی دیکە.

## ئایا چی ڕوو دەدات ئەگەر ئەمن سەرپێچی لە ڕێککەوتننامەکە بکات؟

• ئەگەر ئەتۆ سەرپێچی لە ڕێککەوتننامەکە بکەت ئەوە مافی بەکار هێنانی خزمەتەکە لەدەست دەدە یت.
• نایاسایی بڵاوکردنەوەی کتێبی دەنگدار تاوانێکە لە دژ یاسای مافی خاوەنێتی و دەکرێت ببێتە هۆی دادگایی. لە کاتێک کتێبە دەنگدارەکان دادەبەزرێن بە زانیاری دەربارەی ئەو کەسەی کە قە رزی کردوون نیشانە دەکرێن. لە حاڵەتی نایاسایی بڵاوکردنەوە م.ت.م MTM دەتوانێت ئەو کەسە بدۆزێتەوە کە کتێبە دەنگدارەکەی قەرز کردوە.

## پاراستنی داتا

م.ت.م MTM زانیاریەکانی کەسی ئەتۆ و منداڵەکەی ئەتۆ بە پێی بڕیاری پاراستنی داتا هەڵدەگرێت و بەکار دەهێنێت (گ.د.پ.ر GDPR، یەکێتی ئەورووپا/۶۷۹ / ۲۰۱۶). ناو، ئەدرەسی پۆستی ئەلەکترۆنیکی و ژمارە ی کەسی یان بەرواری لەدایکبوون و ژمارەی نیشانەی لە سەر کارتی ئێل.ئێم.ئا لە تۆماری بەکارهێنەری م.ت.م MTM تۆمار دەکرێت. ناو، ئەدرەسی پۆستی ئەلەکترۆنیکی و یان ژمارەی کەسی یان بەرواری لە دایک بوون و ژمارەی نیشانەی لە سەر کارتی ئێل.ئێم.ئا دەبێت هەمیشە هەبێت لە تۆماری بەکارهێنەر. م.ت.م MTM ناتوانێت حیسابێک دەر بکات ئەگەر ئەتۆ دژایەتی ئەتۆ جۆرە تۆمارکردنە بکەیت.

زانیاریەکان دەکرێت بەکار بهێنن بۆ پیادەکردنی لێکۆڵینەوەگەلی ئاماری و هەڵسەنگاندنی خزمەتەکانی ئێمە. ئەتۆ هەمیشە مافی ئەوەت هەیە کە بە سوپاسەوە نەویستنی ئەوە بکەیت کە پێوەندیت پێوە بکەن بۆ لێکۆڵینەوەگەل . ئەوە لە ڕێگای "لاپەڕەکانی ئەمن" دەکرێت لە ماڵپەڕی legimus.se یان لە ڕێگای پێوە ندی کردن بە کتێبخانەکەی خۆت.

ئەو کەسانەی کە زانیاری کەسی پارێزراویان هەیە دەتوانن داوا بکەن کە لە بەشێک لە تۆمارەکە مامەڵە بکرێن کە مۆری نهێنی لێدراوە. لەوێ تەنیا ژمارەی کەسی و
لەوێ تەنیا ژمارەی کەسی و ئەدرەسی پۆستی ئەلەکترۆنیکی یان بەرواری لەدایک بوون، ژمارەی نیشانەی لە سەر کارتی ئێل.ئێم.ئا ت و
ئەدرەسی پۆستی ئەلەکترۆنیکی. تەنها ژمارەیێکی سنووورداری خەڵك لە م.ت.م MTM دەتوانن زانیاریەکان ببینن.

زیاتر بخوێنەوە دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی زانیاری کەسی لای ئێمە لە ڕێبازی تەواوێتی ئێمە. ئەوە لە ئەم ماڵپەڕە دەدۆزیتەوە www.mtm.se/hantering-av-personuppgifter/

م.ت.م MTM مافی ئەوەی هەیە کە بە هۆی دەلیلدار ڕێساکانی بەکارهاوردن بگۆڕێت. وەک سەرپەرشتی منداڵێک کە لێگیمووس Legimus بەکار دەهێنێت ئەتۆ ئەرکدارییت کە بە دەستپێشخەریی خۆت زانیاری کۆ بکەیتەوە دەربارەی گۆڕانکاری و بە بێ دواخستن ئەوە بە خزمەتگوزاری وڵامدانەوەی م.ت.م MTM ڕابگەیەنیت ئەگەر دژایەتی گۆرانەکە دەکەیت. ئەگەر ئەتۆ دژایەتی گۆڕانەکە دەکەیت ئەوە بە مانای ئەوەیە کە دەستڕەستی لێگیمووس Legimus دەکرێت تەواو بکرێت بە دەستپێشخەریی م.ت.م. MTM

ئەمن سۆز دەدەم کە ڕێککەوتننامەکە ڕەها بکەم و خۆم ئاگادار بکەمەوە دەربارەی هەر گۆڕانکاریەک.

ڕێککەوتننامەکە نوێ کراوەتەوە لە بەرواری ٢٢ - ٠٥ - ٢٠١٨ و برەوی هەیە هەتا تێبینی زیاتر.